هوشی (رۆژنامە, گۆڤار) لە باشوری کوردستان … ئاری زیندینی

لەم سەردەمەی ئێستادا ڕاگەیاندن (میدیا) بوارێکی فراوان وپان وبەرینی لە ژیانی خەڵك داگیرکردووە,چەندەها بوارولق وپۆپی (تەکەمەڵایەتیەکان و ماس میدیا) بۆ زیادکراوە ڕاستەوخۆ بەدەست خەڵکەوەیە وەکو سەردەمانی پێشوو نەماوە, بە هۆی ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری زانست و تەکنەلۆجیا هاتوونەتە ئاراوە کەلە خزمەت (میدیا) و پێشکەوتنی میدیا کاریگەری سەرەکی بینیوە کە (میدیا) زیاتر پێفیشناڵ بۆت و زیاتر لە خەڵك نزیك ببنەوە پەیامەکان و ڕووداوەکان و هەواڵەکان زووتر بگات. ڕۆژنامە و گۆڤار کۆنەگەی سەرەکی و چەکی بەهێزی ڕاگەیاندنن (میدیا), ڕۆژنامەوگۆڤار لە هەموو ووڵاتیك بوونی هەیە و لە کەمەگەی دواکەوتوو پێشکەوتوو ڕەواجی هەیە بەڵام تاچەند ئەکادیمی و پێفیشناڵن جیاوازیان هەیە, ڕۆژنامەوگۆڤار لە کۆن و ئێستادا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە ڕۆشنبیری وخوێندەواری خەڵك ئەو ڕووداوهەواڵ وکارەسات وشتی نادیاروشاراوە ڕاستی و چەوتی کێشەوگرفتەکان لە ژیانی خەڵك ڕوودەدەن بیخەنە بەر چاوی کەمەگە,ڕۆژنامەوگۆڤار ئامادەیەکی باشی دەبێت لە گۆڕەپانی ڕووداوەکان ئەمەش بە هۆی پەیامنێرەکانییەوە کە بەرهەمهێنی هەواڵ وبەدواداچوونی مەیدانین,ڕۆژنامەوگۆڤار هەردەم دەبێت بیر لە گۆڕان ونوێبوونەوە بکەنەوە,پێشکەوتنی (میدیا)پەیوەستە بە پێشکەوتوویی کەمەگە واتە گەر کەمەگەکە پێشکەوتوو مەدەنی نەبێت میدیا گەشە ناکات ,لە زۆربەی ووڵاتان وسەرتاسەری دونیا میدیاوان لە ڕۆژنامەوگۆڤار تووشی گرتن ولێدان وهەڕەشەوئیهانەکردن تەنانەت کوشتنیش بە هۆی نەبوونی ڕۆشنبیری وئازادی لای تاك و کەمەگە و دەسەڵاتیش لە سەر بڕاوکردنەوەی وێنەیەك وروژاندنی بابەتێك ڕاگەیاندنی ڕووداوهەواڵێك ئاشکراکردنی گەندەڵی وڵاستیەکان, ڕۆژنامە نووس توانایی هەیە هەندێك لە مەسەلەکان لای خوێنەر قزەون بکات هەندێکی خۆشەویست بکات !

(ڕۆژنامە , گۆڤار) دوو بواری جیاوازن لە ووی ڕوخساروناوەڕۆکەوە لە ووی تەکنیکی و هونەری کاری ڕۆژانە, ڕۆژنامە گۆڤار نیە و گۆڤاریش ڕۆژنامە نییە, ئامانجی هەموو ڕۆژنامەوگۆڤارێك زوو بگات بەدەستی خوێنەروزۆرترین خوێنەرولە هەموو شوێنێك بڵاوبێتەوە,

جیاوازیەکان بە گشتی لە سەرتاسەری جیهان بەم شێوەیە:

1-ڕۆژنامە,زیاتر گواستنەوەی هەواڵ رووداووواقیعەکە بێ درۆژەدان بە بابەتەکە بەڵام گۆڤار هەواڵ و رووداووواقیعەکە شیدەکاتەوەوخۆنەر دەگاتە ئەنجام.

2-ڕۆژنامە, ڕۆژانە دەردەچێت بەڵام گۆڤار هەفتانە و مانگانەووەرزی و ساڵانەی هەیە.
3-ڕۆژنامە, بابەتەکان ڕۆژانەیە بە پوختی و کورتی بڵاوی دەکاتەوە بەڵام گۆڤار بابەتەکان کێکراوەی هەفتانە و مانگانەیە بە دوایی چارەسەرەو بەتێروتەسەلی مەوزووعەکان پەخشدەکات.
4-ڕۆژنامە, لە ڕوویی ڕووخسارەوە لە گۆڤار جیاوازەو لاپەڕەکانی سنووردارە بەڵام گۆڤار شێوەی جیاوازە لاپەڕکانی سنووردار نییە.
5-لە ڕۆژنامە, ناتوانرێت بابەتی زانستی و ئەکادیمی بڵاوبکرێتەوە بەڵام گۆڤار بابەتی زانستی و ئەکادیمی چێ بڵاودەکرێتەوە.
6-ڕۆژنامە, تایبەت بە بوارێك وەك (وەرزش , هونەر , ئەدەب , سیاسەت ,ژنان ,کۆمەڵایەتی) لە گۆڤاریش هەمان شت بەڵام بوارەکان چێوپێ تێروتەسەلن.
7-ڕۆژنامە, لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی تا چەند ڕۆژیك سوودی لێدەبینرێت زیاتر بەڵام گۆڤار پاش چەند مانگێکیش سوودی هەر دەمێنێت.
8-ڕۆژنامە,زیاتر لێکاڵیە سنورێکی دیاریکراو دەبینرێت بەڵام گۆڤار دەتوانرێت لە شارێکیترو ووڵاتێکیتر ببینرێت بخرێتە بەر چاوی خوێنەر.
9- ڕۆژنامە, کەمتر وەك گۆڤار بێ ئەرشیف سوودی لێدەبینرێت چونکە گۆڤار بابەتەکانی تێروتەسەل و درۆژترن وەك بەگە نامە دەمێننەوە.
10- ڕۆژنامە, ناوی نووسەرەکان زۆرتر دووبارە دەبنەوە بەڵام گۆڤارەکان نووسەری تازە پەیدادەبن.
11-ڕۆژنامە بەرگەی هەڵگرتن ومانەوەوئەرشیفکردنی کەمە بەڵام گۆڤار بێ ماوەیەکی دووروردرۆژ دەمێنێتەوەوهەڵدەگیرێت و ئەرشیف دەکرێت.

(ڕۆژنامە , گۆڤار) لە باشووری کوردستان:
بە پێی بەدواداچوون وزانیاری و بۆچوون وبەڵگەو ووردبینی پوخت کە پێویستی بە هەخنەوتوێژینەوەیە, هەوشی (ڕۆژنامە , گۆڤار) لە باشووری کوردستان, بەم شێوەیە:

ڕۆژنامە:

1-ڕۆژنامە, لە کوردستان (95%) حیزبیە بەتایبەت حیزبی دەسەڵات.

2-ڕۆژنامە, لەلایەن حیزب و کەس و ڕێکخراوگرووپ دەردەچێت.
3-ڕۆژنامەی سەبەری حیزب و زەرد بوونی زۆرە .
4-تەنیا ڕۆژنامەی حیزبەکان دەتوانن ڕۆژانە دەربچن.
5-ڕۆژنامەی ڕۆژانە حیزبی ڕۆژانی پشووجەژنەکان دەرناچن.
6-ڕۆژنامە هەیە بەبێ هەکارو بێ ڕوونەکردنەوەی دەرناچێت.
7-بابەتەکانی ڕۆژنامە زۆرتر سیاسین.
8-ڕۆژنامە هەیە بێ کاتیکی دیاریکراومەبەستێك و باروودۆخێك دەرچووەودواتر نەماوە.
9-ڕۆژنامەکان بە ڕوون وئاشکرا ستایش و پیاهەڵدانی حیزب و سەرکی حیزب پەیڕەودەکەن.
10- تەنیا دوو ڕۆژنامە ڕۆژانە دەردەچن (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ,ڕۆژنامەی خەبات) کە ئۆرگانی سەرەکی حیزبی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان , پارتی دیموکراتی کوردستان) پاڵپشتی دارایی زۆریان هەیە.
11-ڕۆژنامە بە زمانانی بێگانە(عەرەبی و ئینگلیزی) زمانانیتر بوونی کەمە گرنگی پێنادرێت.
12-بابەت وهەواڵ لە ڕۆژنامەکان دوورن لە واقیع و ڕاستی سەرچاوەی زانیاریان بزرووونادیارە لێپێچینەوە نییە لە ناڕاستی هەواڵ و ڕووداوەکان.
13-سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامە دیارنییە بە چی بەڕوە دەچێت موچەی کارمەندانی بەچی دابینەکات.
14-ڕۆژنامە هەیە لەلایەن کونسڵخانەکانەوە دەردەچێت وەك (جام کوردی , شرق الاوسگ) .
15-کارمەندانی ڕۆژنامە بە موچەیەکی کەم دامەزراون.
16-ڕۆژنامەکان بە زمانی ستانداردی کوردی و ڕێنووسی یەکگرتوویی کوردی نانوسرێتەوە بەڵکو زیاتر ناوچەیی و میزاجی کەسی زاڵە.
17-کەسانی حیزبی و سیاسی بوونەتە سەرپەرشتکاروخاوەن ئیمتیازوبەڕێوەبەری نووسین.
18-ڕۆژنامەی نیشتمانی و ئۆرگانی حکومەت نییە.
19-ڕۆژنامە, شتێکی گرنگی پێنەدراو لای خەڵك و ناچێتە هەموو ماڵێك و بە درێودەلەسەی دەزانن.
20-ڕۆژنامەکان ناتوانن رای گشتی و شەقام دروستبکەن وبجوڵێنن.
21-ڕووداووهەواڵ و بابەت هەیە فەرامۆش و چاوپۆشی دەکرێت لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە.
22-لاپەڕەوکاغەزی ڕۆژنامەکان کوالیتی باش نییە تەندروستیش نییە بێ ماوەیەکی کەم لاپەڕەکانی بەرەونەمان و چرچ ولۆچی دەچن.
23-ڕۆژنامەی تایبەت بە بواری فیکری وئایدۆلۆژیا وەك ڕۆژنامەیەك

تەرخانکرابێت بۆ فیکری (مارکسی , لیبڕالی , سۆشیالیزم , بیری چەپ) بوونی نییە.
24-جار هەیە ڕۆژنامەیەك ڕەگری لیدەکرێت لە شاریك بڵاوبکرێتەوە بە هۆی بوونی هەواڵەك.
25-زۆربەی سەرنووسەروبەڕێوەبەری نووسین وخاوەن ئیمتیازەکانی ڕۆژنامە یەك ڕۆژیش کاری ڕۆژنامەیان نەکردووە دەرچوویی بواری ڕاگەیاندن نییین.
26-ڕۆژنامەکان بوونەتە شوێن وجێگایە تەسفیەی حیساب , جوێن وقسەی ناشرین و ئیهانەی یەکتری, ململانێی یەکتری و ململانێی حیزبی .
27-بابەتی هەخنەوهەخنەکاری بووونی نییە,واتە وەامی هەخنەوبەدواداچوون بۆ هەخنەکان نییە.
28-هەندێ بابەت و هەواڵ هەیە ڕۆژنامە ناتوانێت بڵاوی بکاتەوەوبیوروووژێنێ لەبەر نەبوونی ئازادی و ڕۆشنبیری لای تاك لای کەمەگە بە گشتی هەبوونی سانسۆر لای دەسەڵات.
29-نزیکەی (30) ڕۆژنامە بە قەبارەی بچووك وگەورە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
30-ڕۆژنامەی (سیاسی وڕۆشنبیری گشتی ئەدەبی وهونەری و بازرگانی و ریکلام و تایبە بە ژنان) چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
31-ڕۆژنامە هەیە ژمارەی لاپەڕەکانی (4) لاپەڕەیە ڕۆژنامەش هەیە ژمارەی لاپەڕەکانی (24) زیاتر نییە.
32-ڕۆژنامە بە زمانی(کوردی- شێوەزاری سۆرانی , بادینی) زمانی(عەرەبی , ئینگلیزی) بە پیتی (عەرەبی , ئینگلیزی , لاتینی) چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
33- ڕۆژنامە کوردیەکان لە پارێزگاکانیتری عێراق بڵاوناکرێتەوەوبووونی نییە.
34-کەلتووروڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەودابەشکردنی ڕۆژنامە گرنگی پێنادرێت لە ئاستێکی نزمە.
35-ڕۆژنامە,بە زمانی عەرەبی کە لە عێراق دەردەچن لە پارێزگاکانی باشوری کوردستان بڵاودەکرێتەوە وەك (الزمان , الدستور , الصباح , شرق الاوسگ , الرای).
36-ڕۆژنامە هەیە بەناوی شارێکەوەیە وەك (ڕۆژنامەی هەولێر).
37-ستافی ڕۆژنامە حیزبیەکان وەك وەزیفە سەیری ڕۆژنامە دەکەن تەنیا بۆ ئازیکردنی سەرنووسەروبەرپرس وکەسە حیزبیەکان کاری ڕۆژنامە نووسی دەکەن.
38-ڕۆژنامەی هەفتانە وەك (هاوڵاتی , ئاوێنە , باس ,وشە ,ئاژانس ,رووداو, چاودێر) چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
39-هەندێك لە ڕۆژنامەکان تەوەری تایبەت یان پاشکۆی (هونەری

,ئەدەبی, وەرزشی) لە گەڕ ڕۆژنامەکە بڵاودەکەنەوە.
40-هەندێ ڕۆژنامە چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو دواتر وەستاو ژمارەی تری لێدەرنەچوو.

گۆڤار:

1-گۆڤاری (هونەری و وەرزشی وکۆمەڵایەتی وسیاسی ورۆشنبیری وپزیشکی وئایینی وکشتوکاڵی وکەلەپووری و فۆلکلۆری وسینەما وشێوەکاری و گۆڤاری گشتی وپەروەردەوفیرکردن و یاساوگۆڤاری تایبەت بە ژنان و زارۆکان) چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
2-گۆڤاری ڕۆشنبیری (سێکسی,sex) چاپ و بڵاودەکرێتەوە بەڵام تایبەت بە (سێکس , sex) نییە.
3-گۆڤارەکان مورکێکی سیاسی وحیزبی و کەسی و ڕێکخراوی تایبەت پاڵپشتی دەکەن.
4-گۆڤاری هەفتانە و مانگانە و ساڵانە و وەرزی بوونیان هەیە.
5-گۆڤار هەیە پاش دوو سێ چوار جار لە چاپکردنی دەوەستێت بە هەر بیانووەك بێت.
6-گۆڤارەکان زۆر گرنگی بە ئازاندنەوەوقەشەنگی و ڕەنگاوڕەنگی و ریکلام دەدەن.
7-گۆڤارەکان تەنیا لە ناوخۆیی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.
8-ژمارەوتیراژی گۆڤارەکان سنووردارو کەمە.
9-گۆڤار هەیە تەنیا لە سنووری شارێك بڵاودەکرێتەوە.
10-گۆڤاری (زانستی و ئەکادیمی) بە شێوەیەکی کەم چاپدەکرێت.
11-زۆربەی گۆڤارەکان بە زمانی کوردیە.
12-نرخی گۆڤارەکان لای هاوڵاتیان بەرزە.
13-شوێن و جێگایی گۆڤارەکان گونجاونیەو شیاوی بواری ڕاگەیاندن نییە وەك (خراپی باڵاخانەوبچووکی و نزیکی ژاوەوژاو دەنگە دەنگ.
14- کەلتووری بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی گۆڤار گرنگی پێنادرێت لە ئاستێکی نزمە.
15-گۆڤار هەیە بەردەوام داوایی یارمەتی دارایی دەکات لە حیزب و کەسایەتی بێ ئەوەی بەردەوام بێت لە دەرچوونی.
16-زیاتر لە (30) گۆڤار بە قەبارەی بچووك و گەورە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
17- گۆڤار بە زمانی (کوردی – شێوەزاری سۆرانی , بادینی) بە زمانی عەرەبی ,بە پیتی (عەرەبی , لاتینی) چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
18-گۆڤار هەیە تەنیا لە یەك شار دەردەچێت و چاپ وبڵاودەکرێتەوە.
19-گۆڤار هەیە بەناوی شارێکەوەیە وەك (گۆڤاری سلێمانی).

20-گۆڤاری هەفتانە و دوو هەفتەجارو مانگانە و وەرزی چاپ وبڵاوەکرێتەوە.
21-هەندێك گۆڤار لە ساڵانی پێشو چاپ وبڵاوەکرایەوە بەڵام لە ئێستادا نەماون.